| | | |
|---|---|---|
| حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>نووسینگەی وەزیر | Kurdistan Region - Iraq<br>Council of Ministers<br>Ministry of Higher Education & Scientific Research | اقليم كوردستان - العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التعليم العالي والبحث العلمي<br>مكتب الوزير |

ژمارە : نووسینگە/ ١٢٦

ڕێکەوت : ٢٩ / ١ / ٢٠١٤ی زایینی

/ ڕێبەندان/٢٧١٢ی کوردی

# فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە برگەی (١/ تەوەری پێنجەم/ کاروباری کارگێری و دارایی) لە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١٠)ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە (٢٠١٤/١/٢٢) ئەنجامدرابوو . بڕیار درا کە میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕێنمایی مۆڵەتی خوێندن ژمارە (١٦٥/ ١١) لە ڕێکەوتی (١/ ١/ ٢٠١٤)دوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بێت:

یەکەم : مەرجەکانی ڕینمایی (١٦٥/ ١١):

ڕێنمایی ژمارە (١١/١٦٥) ی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی خوێندن لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستییەوە پەسەند کراوە و پاڵپشتە بە یاسای ڕاژەی شارستانی هەموارکراوی ژمارە (١٤) ی ساڵی (٢٠٠٩) ، لە چوارچێوەی ئەم ڕێنماییەدا مەرجەکانی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ مۆڵەتی خویندن بریتین لە:

١. پێشکەشکار دەبێت دوو ساڵ خزمەتی هەبێت لە پاش دوایین بڕوانامە.
٢. بۆ خوێندنی ماستەر دەبێت پێشکەشکار کۆنمرەی بەکالۆریۆسی لە (٦٥٪) کەمتر نەبێت و بۆ خوێندنی دکتۆرا کۆنمرەی ماستەری لە (٧٠٪) کەمتر نەبێت .
٣. دەبێت پێشکەشکار بۆ خوێندنی ماستەر تەمەنی لە (٤٥ ساڵ) زیاتر نەبیت و بۆ دکتۆراش تەمەنی لە (٥٠ ساڵ) زیاتر نەبێت .
٤. دەبێت بواری پسپۆڕی پیشکەشکار لە پلانی پەسەندکراوی ئەو ساڵەی زانکۆ/فەرمانگەدا ئاماژەی پێکرابێت.
٥. دەبێت پلانی پەسەندکراو ڕابگەیەنرێت و پاڵاوتن لەسەر بنەمای پیشبڕکێی زانستیی بێت دوای بانگەواز بۆکردن .

دووەم : ئەو پێشکەشکارانەی کە مۆڵەتی خوێندنیان پێدەدرێت

ئەو پێشکەشکارانەی کە تەواوی مەرجەکانی ڕێنمایی (١١/١٦٥) یان تێدایە و پسپۆڕیەکانیان لە پلانی پەسەندکراوی زانکۆ/فەرمانگەدا ئاماژەی پێکراوە و لەسەر بنەمای پێشبڕکێ دەپاڵێورێن مۆڵەتی خوێندنیان پێدەبەخشرێت بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان لەگەڵ تەواوی مافە داراییەکانی ڕێنمایی ١١/١٦٥

ژمارە : نووسینگە/ ١٣٦

ڕێکەوت : ٢٩ / ١ /٢٠١٤ی زایینی

/ ڕێبەندان/٢٧١٣ی کوردی

سێیەم: ئەو ماڤە داراییانەی کە بەپێی ڕێنمایی ١١/١٦٥ دەبەخشرێنە ئەو کاندیدانەی کە مۆڵەتی خوێندن وەدەگرن بریتیین لە :

ا. جیاوازی نێوان موچەی شایستەی کاندید لە ناوەوەی وڵات لەگەڵ دەرماڵەی دیاریکراو بۆ قوتابیان/ خوێندکارانی نێردراوان لەو وڵاتەی تێیدا دەخوێنن .

دەرماڵەی دیاریکراو بۆ قوتابیان/ خوێندکارانی نێردراو بەپێی بەرنامەی تواناسازی بەراورد دەکرێت واتە بەپێی ڕێنمایی دارایی بەرنامەی تواناسازی بۆ وڵاتانی گرووپی (A) ١٨٠٠ (هەزار و هەشت سەد دۆلار مانگانە) و گرووپی (B) ١٠٠٠ هەزار دۆلار مانگانە).

ب. کرێی پلیتی سەفەر (فڕۆکە) ساڵی یەك جار.

ج. خەرجییەکانی تێچوونی چاپی تێزی ماستەر یان دکتۆرا.

د. کرێی خوێندن تا بڕی (٤٥٠٠٠٠٠ چوار ملیۆن و پێنجسەد هەزار دینار )

چوارەم: ئەو پێشکەشکارانەی کە یەکێك یان زیاتر لە مەرجەکانی ڕێنمایی ژمارە (١١/١٦٥) یان نەبێت تەمەن، کۆنمرە، ساڵانی خزمەت،نەبوونی پسپۆڕی لە پلانی زانکۆ یان فەرمانگە، بەشدارینەکردن لە پێشبڕکێ) تەنها مۆڵەتی بێموچەیان پێ ببەخشرێت .

پێنجەم: ڕێکخستنی میکانیزمی جێبەجێکردنی ڕێنمایی (١١/١٦٥)

١. سەرجەم زانکۆکان تا ڕێکەوتی (٢٠١٤/٢/١٥) پلانی مۆڵەتی خویندنی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣_٢٠١٤) نوێ بکەنەوە و پیشکەشی وەزارەتی بکەن .

٢. لە (٢٠١٤/٢/١٥) هەتا (٢٠١٤/٣/١) پلانەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە پەسەند بکرێت .

٣. پلانی پەسەندکراوی مۆڵەتی خویندن بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٣_٢٠١٤) لەلایەن زانکۆ و وەزارەتەوە ڕابگەیەنرێت و دەرگای پیشکەشکردنی داواکاری بکرێتەوە لە (٢٠١٤/٣/١) هەتا (٢٠١٤/٣/٣١) بەردەوام دەبێت .

ژمارە : نووسینگە/ ١٢٦

ڕێکەوت : ٢٩ / ١ /٢٠١٤ی زایینی

/ ڕێبەندان/٢٧١٢ی کوردی

٤. لە ماوەی نێوان (٢٠١٤/٣/٣١ تا ٢٠١٤/٤/١٠) پرۆسەی پێشبڕکێ و بڕیار لەسەر کاندیدەکان ئەنجام دەدرێت .

٥. بە گشتی تا ڕێکەوتی (٢٠١٤/٤/١٥ ، کاندیدە براوەکان بڕیاری کۆتاییان لەسەر درابێت و وردبینی لە سکاڵاکان کرابێت .

شەشەم: لە ڕێکخستنی پێشبڕکێی نێوان پێشکەشکاران دا سیستمی خاڵبەندیی پەیڕەو دەکرێت,ئەو سیستەمەش بە هاوئاهەنگیی نێوان لیژنەی مۆڵەتی خوێندن لە دیوانی وەزارەت و لیژنەی باڵای خوێندنی باڵاوە ڕێك بخرێت و پێودرەکانیش بریتیی دەبن لە :

١. کۆنمرەی بەکالۆریۆس / بۆ خوێندنی ماستەر
٢. کۆنمرەی بەکالۆریۆس و ماستەر بۆ خوێندنی دکتۆرا .
٣. ئاستی توانستی زمانی ئینگلیزی .
٤. بەدەستهێنانی ئۆفەری ئەکادیمی (لیستی وڵاتانی تواناسازی پەیڕەو بکرێت).
٥. تەمەن .
٦. ساڵانی خزمەت .

حەوتەم: تێبینی گشتیی

١. لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم فەرمانەوە چیتر زانکۆکان نابێت داواکاری مۆڵەتی خوێندن بۆ وەزارەت بەرز بکەنەوە.
٢. ئەو حاڵەتانەی کە داوای مۆڵەتی خوێندن دەکەن لەسەر بنەمای (المادە ٤/ ثامنا) لە ڕێنمایی ژمارە (١٦٥) ی ساڵی (٢٠١١) "للوزير صلاحيه منح الاجازه بدون التقيد بشرط المعدل عند توفر خدمه مرضية لا تقل عن ٥ سنوات "، ئەو کاندیدانەی ئەو مەرجەیان تێدایە ڕێگەیان پێ دەدرێت کە بێنە پێشبڕکێ، ئەگەر لە پێشبڕکێ سەرکەوتوو بن ئەوا لەلایەن زانکۆوە بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێز جەنابی وەزیر بە مەبەستی بەخشینیان لە مەرجی کۆنمرە.

ژمارە : نووسینگە/ ١٢٦
ڕێکەوت : ٢٨/ ١/ ٢٠١٤ی زایینی
/ ڕێبەندان/ ٢٧١٣ی کوردی

٣. مۆڵەتی بێمووچە لە دەسەڵاتی زانکۆیە، بۆیە ئەو کەیسانەی شایستەی مۆڵەتی بێمووچەن پێویست ناکات بەرزبکرێتەوە بۆ وەزارەت

٤. پێویستە کە لەکاتی دارشتنی فەرمانی مۆڵەتی بێمووچەدا ئاماژە بە (مەبەستی خوێندن) نەدرێت .

٥. خەرجییەکانی مۆڵەتی خوێندن لە ئەستۆی زانکۆ دەبێت.

٦. ئەو بەرێزانەی کە مۆڵەتی بێموچە وەردەگرن لە دوای تەواو کردنی خوێندنەکەیان لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا یەکسانکردنی بڕوانامەکانیان بۆ ئەنجام دەدرێت بەڵام زانکۆکان سەرپشکن کە کاریان پێ بسپێرن یان گواستنەوەی ڕاژەیان بۆ ئەنجام بدەن بە پێ ی پێویست دام و دەزگاکانی خوێندنی باڵا.

| حاڵەتەکان | بوونی مەرجەکانی ڕێنمایی ١٦٥/١١ (کۆنمرە+ تەمەن+ خزمەت) | بواری پسپۆڕی لە پلانی زانکۆدا ئاماژەی پێکراوە | پاڵاوتن لەسەر بنەمای پێشبڕکێ بووە | بڕیار لەسەر شێوازی مۆڵەت |
|---|---|---|---|---|
| جۆری یەکەم | بەڵێ | بەڵێ | بەڵێ | مۆڵەتی خوێندن بە مووچەی بنەڕەتی و دەرماڵە جێگیرەکان + تەواوی مافە داراییەکانی بڕیاری ١١/١٦٥ |
| جۆری دووەم | یەکێک یان زیاتر لە مەرجەکانی [illegible] (کۆنمرە+ خزمەت+ تەمەن) [illegible] بواری پسپۆڕی لە پلانی (زانکۆ+ پێشبڕکێ) | | | مۆڵەتی بێمووچەیان پێ دەدرێت |

دکتور علی سعید محمد
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

| | | |
|---|---|---|
| حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق<br>سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران<br>وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی<br>نووسینگەی وەزیر | Kurdistan Region - Iraq<br>Council of Ministers<br>Ministry of Higher Education & Scientific Research | اقليم كوردستان – العراق<br>مجلس الوزراء<br>وزارة التعليم العالي والبحث العلمي<br>مكتب الوزير |

ژمارە : نووسینگە/ ١٢١

ڕێکەوت : ٢٩ / ١ / ٢٠١٠ی زایینی

/ ڕێبەندان/٢٧١٢ی کوردی

وێنەیەك بۆ :-

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا .
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکارانی بەڕێز وەزیر/ بۆ زانین/لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی تایبەتمەندی/ لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی نێردراوان و پەیوەندیە ڕۆشنبیریەکان/ بۆ زانین و کاری پێویست/لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.